سودانی فەرمانی لابردنی سەرجەم زیادەڕۆییەکانی بەردەم پرۆژەی (پردی غەزە) دەدات

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ شەممە، سەردانێکی مەیدانی ئەنجامدا بۆ پرۆژەی (پردی غەزە) کە هەردوو کەناری ڕووباری دیجلە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، لە ناوچەی زەعفەرانییە و ڕێگای دورە- خەرایی یوسفیە، ئەمەش یەکەم پردە لە پاش ساڵانی نێودەکانەوە لەسەر ڕووباری دیجلە لە بەغدا دروست بکرێت و یەکێکە لە دیارترین پرۆژەکانی پاکێجی یەکەمی نەهەشتنی قەرەباڵغی هاتوچۆ لە باشوری بەغدا.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:-سودانی پێداچوونەوەی بە بەرەوپێشچوونی کارە بەردەوامەکانی پێکهاتەکانی پرۆژەکەی کرد کە بەیارە پێش ناوەڕاستی ساڵی 2025 تەواو بکرێت، هەروەها ستایشی ئەو هەوڵانەی کرد کە لە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژە گرنگەدا دراون و بە یەکێک لە پرۆژە گرنگەکان دادەنرێت کە گواستنەوەی نێوان بەغدا و پارێزگا نزیکەکان ڕەکدەخات و جێختی لە لابردنی سەرجەم زیادەڕۆییەکانی سەر ڕێگەوەی پرۆژەکە کردەوە بە خەراکردن لە جێبەجێکردنی و فەرمانی کرد بەگوێرەی یاسا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و قەرەبووی ئەو کەسانە بکرێنەوە کە خاوەنی بڕگەنامەی فەرمین، بە هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی دادوەری بە یەکلایکردنەوەی پرسی

زیادەوییەکان.

سەرکی ئەنجومەنی وەزیران کەمپانیای جەبەجەکاری ڕاسپارد پڕۆژەکە و سەرجەم خزمەتگوزارییە پەیوەستەکان لەخۆ بگرێت، و ڕۆژانە بە سێ شفت و گروپ کاربکەن، هەروەها ژمارەی ئەندازیاران لە فەرمانگەی ئەندازیاری نیشتەجێ زیاد بکرێت و گرتنەبەری ڕەوشوێنی سەلامەتی لە کاتی کارکردندا و جێختی کردەوە لەسەر پشکنینە تاقیگەییەکان بە سەرجەم ئەو مادانەی کە بەکاردێن لە پڕۆژەکە، هەروەها بەرزیان وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوون و ئەمینداریەتی بەغدای ڕاسپارد هەموو پەداویستییەکانی تایبەت بە جێبەجێکردنی پڕۆژەکە ئامادە بکەن.

پڕۆژەکە لە چەند پێکهاتەیەک پێکدێت، بەشی یەکەم لە ڕێگایەک پێکهاتووە کە درێژییەکەی 9200 مەتر و پانییەکەی 30 مەتر دەبێت و شانەکانی سێ مەتر دەبێت لەسەر هەر لایەک بە درێژایی ڕێگاکە، کە ناوچەکانی دەرە و هەر ڕێجب لە لای ڕۆژئاواوە بەیەکەوە دەبەستێتەوە و لە ناوچەی زەعفەرانییە لە دیوی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە کۆتایی دێت.

بەشی دووەم و گرنگی پڕۆژەکە بریتییە لە (پردی غەزە) و درێژییەکەی 1000 مەترە و پانییەکەی 23.5 مەتردەبێت لەگەڵ 6 پارچە، لەکاتێکدا درێژی بەشە کۆنکرێتییەکە 384 مەتر دەبێت و بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێدانی زیادە جێبەجێ دەکرێت، هەروەها گرێبەست لەگەڵ کەمپانیای فریسنت فەرەنسی کراوە کە شارەزایی هەیە لە ئەم جۆرە پردەیە و بریتییە لە کۆنکریت کردنی پارچە قورسەکان کە کێشی هەر یەکێیان لە نێوان دوو هەزار بە 23 هەزار تۆن دەبێت لە کۆتا بەشایی پردەکە.

بەشی سێیەمی پڕۆژەکە بریتییە لە پردێک کە دەپەڕێتەوە بە ڕێگای دەرە یوسفییە بە درێژی 700 مەتر لەگەڵ نزیکبوونەوەکان، و لە 4 پارچەی کۆنکریتی پێکهاتووە بە درێژی 25 مەتر و درێژی 104 مەتر بە پردی کۆنکرێت.

بەشی چوارەم بریتییە لە (پردی زەعفەرانییە) لە دەروازەی شەقامی کەمپانیاکانەوە بە درێژی 629 مەتر لەگەڵ نزیکبوونەوەکان لەگەڵ یەک پارچەی کۆنکریتی کە درێژیەکەی 54 مەتر دەبێت بە بەشی کۆنکرێت، بە ڕێکخستنی هاتووچۆی ئۆتۆمبێل و بەستنەوەی بە شوێنێکی سیستەماتیکی لە نێوان شەقامی سەرکی زەعفەرانییە 99 لەگەڵ شەقامی کەمپانیاکان.